# پاش یاساغکردنی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی کۆمونیست،

# هەستیریای ئەنتی کۆمونیزم بەرزبووەتەوە!

**کفتوگۆیە لەگەل(ڕەدیم گۆندا- سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی کۆمونیست)**


**20.10.2006**

سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم




**یونگە ڤێلت: لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، وەزارەتی ناوخۆی کۆماری چیك، بلاوەپێکردنی یەکێتی لاوانی کۆمونیست ڕاگەیاند. ئایا(KSM)چەند بەهێزە و چالاکییە سەرەکییەکانی چین؟**

**ولام: ڕێکخراوەکەمان بە دەیان هەزار ئەندام یەکێکە لە بەهێزترین و چالاکترین ڕێکخراوی لاوەکان لەباری سیاسییەوە لە کۆماری چیك. بۆ نموونە لەبەرمبەریدا، ڕێکخراوی لاوانی سۆسیال دیموکرات لە ڕاگەیاندە گشتییەکاندا بە زەقی بەرچاو ناکەون. کارە سەرەکییەکانمان لە بواری بەرگری لە مافەکانی لاوان، قوتابیان ولاوە کرێکارو بێکارەکان. ئێمە لەدژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم خەباتدەکەین. بۆ نموونە کەمپین لە دژی وەرگرتنی باجی خوێندن ڕێکخست...**

**یونگە ڤێلت: چی بەدوای بڕیاری قەدەغەکردنی ڕێکخراوەکەتان حەشاردراوە؟**




**ولام: بەڕوونی دیارە کە ئەو هێرشە مەبەستی سیاسی بەدواوەیەو دەیانەوێت مافە سیاسییاکان، بزووتنەوەی کۆمونیستی لە کۆماری چیك لاواز بکەن. هێرشکردن لەسەر ڕێکخراوی لاوان، هێرشێکی ناڕاستەوخۆیە لەسەر حزبی کۆمونیستی بویمن و مێرنس کە لە پەرلەمان نوێنەریان هەیە و نزیکەی 90 000ئەندامیان هەیە.**

**پرسیار: کەواتە قەدەغەکردنی(KSM)، تاقیکردنەوەیەکە و دەبێ چاوەڕوانی قەدەغەکردنی ڕێکخراوە کۆمونیستەکان بکەین؟**

**ولام: لە هەموو حالەتێك. مەبەست لە قەدەغەکردنی ڕێکخراوەکەمان هێرشکردنە لەسەر سەرجەم بزووتنەوەی ئەنتی سەرمایەداری و مافەکانی هاولاتی و دیموکراسی. ئەم قەدەغەکردنە یەکەم هەنگاوە. تەنانەت لە ئەلمانیاشدا یەکەم جار ڕێکخراوی لاوان(FDJ)قەدەغەکرا و پاشان حزبی کۆمونیست.**

**پرسیار: پاش بڕیاری قەدەغەکردنەکە، ڕۆژی دووشەمە چی ڕوودەدا؟**

**ولام: قەدەغەکردنی ڕێکخراوەکەمان گرنگترین بابەتی میدیاکانی چیکە. سیاسەتمەدارە ڕاستڕەوەکان هەستیریای ئەنتی کۆمونیستیان بەرزترکردووە. ڕۆژی چوارشەمە، سکرتێری ڕێکخراوەکەمان بۆ دیباتەی هەوالەکانی ئێوارە مێوانداری کرا، بەلام ڕێگەی پێنەدرا تاقە یەك ڕستە تەواو بکات. بەرامبەرەکەی نوێنەرێکی پەرلەمان بوو کە تاقە بابەتی سالەهای سالی تەنها ئەنت کۆمونیزمە و ئەم سیناتۆرە داوای دەستگیرکردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان دەکات.**

**یونگە ڤێڵت: بەڵام تا ئێستا کەستان لێ دەستگیر نەکراوە.**
**وڵام: هێشتا نەخێر، بەڵام لەبەردەم هاندانی میدیاکان کەس نازانێ سبەی چی روودەدات. سایتی ئینترنێت و ئیمیلەکەمان داخران. سۆسیال دیموکراتەکان هێشتا لەم بارەیەوە هیچ بەیاننامەیەکیان بڵاونەکردووە، بەڵام رێکخراوی لاوانیان مێوانداریان کردووین بۆ گفتوگۆ و پێدەچێت لاوەکانیان هاوپشتیمان دەکەن.....**
**نیک براونس ئەم گفتوگۆیە بۆ روژنامەی نابراو سازداوە**

**هەروا شایانی باسە، نوێنەرانی پارتە چەپەکان لە پەرلەمانی ئۆروپا ناڕەزایەتی خۆیان دەردەخست لە دژی قەدەغەکردنی رێکخراوی یەکێتی لاوانی کۆمونیست لە کۆماری چیك و داوا لە پەرلەمانی ئۆروپا دەکەن، هەڵویست لەم بارەیەوە وەربگرن. هەروا حزبی کۆمونیستی ئەلمانیا هاوپشتی و هاوخەباتی خۆیان لە گەل ئەو رێکخراوە راگەیاند و دووپاتی هاوپشتی خۆیان راگەیاند.**

**ئەم گفتوگۆیە لەلاین نیك براونس)ەوە بۆ رۆژنامەی(یونگە ڤێڵت)سازدراوە**